# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محمدعلی افغانی

وەرگێر بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

وەرزی یەکەم

بەشی دووهەم

بەوقسانە دەیەویست سەرنجی منداڵەکەی، کە سەرسووڕمابوو، بۆ لایەکی دیکە وەرگێڕێتەوە. ژنە کە هێشتا بەسەر پەشۆکاوییەکەی خۆیدا زاڵ نەببوو، بە ئەدەب و ڕێزێکی ژنانی بەهۆشەوە بەگوێچکەیدا سریواند کە بڵێ فەڕڕوخ. ئاهەنگی نەرمی دەنگەکەی لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەمەگناسییەکەیدا، بەخۆداشکاوەو شەرمنانەش بوو. منداڵەکە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە، کە داماوییە منداڵانە و ئێسک سووکانەکەی پێوەدیاربووچاوی لە پیاوە مێهرەبان و دڵسۆزەکە کرد و بۆ ئەوەی فەرمانی بردبێ لەسەرەخۆ کوتی:

- فەڕڕوخ!

- بەهـ! بەهـ! چ ناوێکی باش وجوانە! بارەقەڵڵا بچکۆلانە، تەمەندرێژبی!

ماچی کرد و خێرا هەستا. قامکە بەمەرەکەبەکەی بەدسرەیەک ئەستڕییەوە و لەکاتێکدا دەچۆە سەر تەرازوویەکەی، لەڕووی ئامۆژگاری و خێرخوازییەوە کوتی:

- بەوسەرمایەی ئەمنداڵەی بۆ لەماڵێ دێنییەدەرێ خانم. هەوا ساوە بەڵام چاولێکە چ کزەبایەکی ساردی دێ. چلەی بچووک حەرامزادە و بێچاوەڕوویە، ناکرێ لێی خافڵبی. منداڵی بەستەزمان، نووکی لووتی لەسەرمان وەک چەوەندەری کوڵیوی پاکراو سوورهەڵگەڕاوە. کە گەیشتییەوە ماڵێ ئەسپەندەر و دووعات لەبیرنەچن. مەگەر منداڵی خۆت نییە؟

بیسەرەکەی کوتی:

- نا کاکە، منداڵی خاوەن ماڵەکەم یا باشتر بڵێم، نەوەی خاوەنماڵەکەمە. بەڵام لەڕاستیدا هەر وەک منداڵی خۆمە. کە لەماڵێم لەبەر خۆشەویستییان ناتوانم چرکەیەکی لێ دوورکەومەوە. هێندێک جاران بۆ کڕینی شتێک ناچاردەبم بێمەدەرێ، بۆ ئەوەی بەتەنێ نەبم دەگەڵ خۆم دەیبەم. چ بکەم، جارێ خوا وای بۆ نووسیوم!

وێژەری ئەو وشانە ئاخی خۆی خواردەوە و بێدەنگ بوو؛ چاوێکی دایکانەی لە منداڵەکەی باوەشی کرد. چاو و لووت و گۆناتەڕەکانی بە دەسرۆکەی سەرشانی بۆ ئەستڕییەوە و سەری دەبەرخۆنا. سەیدمیران بە ترس و دوودڵییەکی تەماوی لەوپرسیارەی دەکرد و لە ڕوانینی یەکەمدا، بەگومانی وی شتێک لە خۆ تێهەڵقورتاندنێکی بێجێ لە کاروباری خەڵکی خوا کەمتر نەبوو، پرسی:

- مەگەر سەرپەرست و نان هێنەر یا هەرچۆنێک بێ گەورەتر لەخۆتانتان لەماڵێدا نییە؟ خۆ تێهەڵقورتاندنی من باش نییە، بەڵام بەقسەکانتان ڕا وادیارە بەتەنێ دەژین. و یا ... ئەوەی کە ... ڕووداوێکی ناخۆشتان بەسەرهاتووە.

ژنە خوایی نەخوایی کوتی:

- هەروایە، ئێوە بەهەڵە نەچوون؛ لەوکاتەوە لەگەڵ مێردەکەم تێک چوومە، بەتەنێ دەژیم.

لەونانە خووساوەی لەسەر سەکۆ کەوتبوو، نیسکێکی لێکردەوە، گزموولەی کردو و بۆلایەکی دیکەی فڕێداو و درێژەی بەقسەکانی دا:

- و بۆ ئافرەتێکی زەعیفەی بێتوانا ، کە بۆخۆشی هونەرێکی نەبێ و سەرەدەریش بۆ هیچکوێ دەرنەکا، چ ڕووداوێک ناخۆشترە لەوەی داڵدەی خۆی لەدەست بدات. هەرکەس چاوی بەسەروسەکوتی من کەوێ هەرلەجێ تێدەگا کە ژیانم نابێ ئاسایی بێ. لەبەختی ڕەشیشم، واسیتەیەکیش شک نابەم تا کەسوکارمی لەگوندەکەماندا پێ ئاگادارکەمەوە کە بێن و بمبەنەوە. فەقیرانەلەکوێ بەکاری من بزانن ئەگەر کەسێک ئاگاداریان نەکاتەوە؛ خۆ پێغەمبەر نین عیلمی غەیبیان هەبێ؛ پێیان وایە خۆشی بێ یا ناخۆشی هەر لەسەر ماڵ و حاڵی خۆمم هەر وەک چۆن جاران بووم؛ خافڵ لەوەی کە —

ڕستەکەی تەواو نەکرد. مژۆڵکی قورس و داکەوتووی چەندجاران لێکدان تا بەدڵۆپەفرمێسکێک ئاگری دڵی دامرکێنێتەوە. دڵی سەید میران بە داماوییەکەی گیرا. ئەوبوونەوەرە ناسکەی لەڕووبەڕووی ڕاوەوستابوو، وەک بەنیشانان ڕا دیاربوو، ڕەنگە ڕۆژگارێک بەو نازونووزانەی سروشتی دووهەمی ژنانە، دنیای لەمێردەکەی تاڵ کردبێ، بەڵام ئێستا خۆی ئەوەندە بە کڵۆڵ و لێقەوماو دەهاتەبەرچاو کە لە کردنەوەی سفرەی دڵی بۆ هیچکەس، جا ئەگەر کاسبکارێکی بێگانەش بێ، سڵی نەردەکرد.

- عەججایەب! عەججایەب!

ئەوە تەنیا شتێک بوو سەیدمیران توانی بیڵێ. هاتنی پەیتاپەیتای چەند کرِیار زنجیرەی قسەکانی پێ بری. لەسەر ئەوەش ڕا هەڵێکی کەوتە دەستی تا لێی بپرسێ لەسەرچی لەگەڵ مێردەکەی تێکچووە، لەوانەیە کارێکی ئاقڵانەی نەکردبێ؛ و ئایا منداڵیشی لێی هەیە؟

ژنە نیگای شەرمن و پەشیمانی خۆی خستبووە سەر بەنکە مووروو و کووژەکە سەوزەکەی سنگی منداڵەکە؛ بە قامک کایەی پێدەکرد و تەنیا وەڵامی دوایین پرسیاری پیاوەکەی دایەوە:

- کوڕێک و کچێک.

- و هیچ دەنگ و هەرایەک، یا باسی ئەوەی دیسان بیانەوێ بتگێڕنەوە، لەئارادانییە؟ زۆرخراپە! لەئێستادا چۆن گوزەران دەکەی؟ پێم بڵێ چ یارمەتییەکم لەدەست دێ؟ پێتخۆشە کەسوکارت لە هەرکوێ بن ئاگاداریان کەمەوە تا بێن بتبەنەوە؟ چەندە دەبێ لێک جوێ بوونەتەوە؟ ئاسیا داوای تەڵاق لەلایەن ئێوە بووە یا ئەو؟

لافاوی پرسیاران هێرشی هێنابووە سەر مێشکی سەید میران. ژنە شانی وە لاشیپانەی دەرگادا و بە گوڕ و دڵنیاییەکی نوێ لەبەیاندا، سەری بۆ لایەک شەپۆل پێدا:

- بەڕواڵەت لەلایەن منەوە، و لەڕاستیدا لەلایەن وی بوو. ژینی من و ئەو پیاوە سەرەڕای هەبوونی دوو منداڵ گەیشتبووە بن بەستێکی وەها کە ڕزگاربوون لێی، بێجگە لە بڕینی تێکەڵاوی و جودابوونەوە بۆ هەمیشە، نەدەگونجا. کێشەی نێوان ژن و مێردان، کاکی خۆشەویست، وەک نەخۆشی، لەهەرجۆرێکی بێ کاتێک دەگاتە ئاستی هەستیار ژیان بۆ مرۆڤ وا لێدەکا کە ئیدی لەتوانای بەدەر دەبێ و وادەکا مردن بۆی وەک زەماوەندی لێبێ؛ من و ئەو لە دۆخێکی ئاوادا دەمانبردەسەر. تەڵاق بۆ من برینی تەورێک بوو کە جێگای هەرگیز سارێژ نابێتەوە. دووری لەمنداڵەکانم، کە بەندی جەرگی دایکیانن، ئاسان نییە؛ ئەوە، دەردێکە دەبێ تا گیانم دەبەردایە پێیەوە بناڵم. پێت وانەبێ ئێستا پێم زانیوە؛ لەسەرەتاشەوە دەمزانی؛ چونکە دایک بووم؛ بەڵام چ بکەم، گەیشتبووە ئێسکانم؛ چارەیەکی دیکەم نەمابوو.

منداڵەکەی باوەشیی بەشێوەیەکی سۆزبزوێن دانا؛ دەستی دەدەستی خۆیدا ڕاگرت. چارشێوەکەی بەسەر نێوچاوانیدا داخزاند، وەها کە بێجگە لە سەری لووتی، لێوەکانی و نیوەی چەنەگەی لووس و ناسکی دیارنەبوون. درێژەی بەقسەکانی دا:

- تەمەنی لاوەتیم لە ئازار و بەدبەختیدا تێدەپەڕی. لەدەستی مێردێکی ستەمکار و بەدکردار، کە وەک دووپشکی بن فەڕشی تا لەخۆم خافڵ دەبووم، ژاری خۆی دەگیانی دەکردم، ئاوێکی خۆش بەگەرووی خۆم و منداڵەکانمدا نەدەچووەخوارێ. وێدەچێ ئەگەر کەسێکی دیکە لەجێگای من با، ددانی بەجەرگی خۆیداگرتبا، بەڵام با بەڕاشکاوی دان بەوەدا بهێنم، لەتوانای من بەدەربوو. چ دەکرێ، تابهێنانی هەموو کەس وەکیەک نییە؛ هەرکەسەو تەبیاتێکی هەیە.

نامەوێ سەرت بێشێنم؛ هەرکەسەو لەژیاندا بۆخۆی گرفتاریگەلێکی هەن کە کەم و زۆر لە ئاستی تاب و توانای خۆیدان؛ بەڵام مێردەکەی من لەو چەشنە مرۆڤە دەگمەنانەبوو کە دەیکوت دەبێ خۆت بۆ ژیان بکوژی؛ و ئەوە لەدەستی من نەدەهات. ئێستاکە لێرە ڕاوەستاوم لە دوخێکی نەشیاوی باسکردن و دژواری وادا ڕادەبوێرم کە دەبێ بۆ حاڵی خۆم بگریم و لەڕاستیدا لەترسی ئاگر پەنام بردۆتە بەر لافاو، بەڵام هەرچەندی بیردەکەمەوە دەبینم بێجگە لەتەڵاق چارەیەکم نەبووە. ئەو برا و خوشکە مەیموونە، و بڵێم چی، ناکەس بەچەیە، چوارساڵی تەواو خوێنیان دەشووشەی کردم و دڵۆپ دڵۆپ بەگەروویاندا تکاندمەوە. پاروویەک نانی ئێشکم دەخوارد و سەت جۆرە ناوو ناتۆرە، سەرکۆنە و جوێنم دەبیستن. بوختانی وایان وەپاڵ دەنام کە وەپاڵ کێوێکیان نابان دەیانتەقاندەوە.

خانەگومانییەکەی گەیشتبووە ئەوئاستەی کە ئەگەر کەسێک لەبێدەنگیی نیوەشەودا بەبن پەنجەرەی ئێمەدا تێپەڕیبا و لەبەرەخۆیەوە گۆرانییەکی کوتبا، یا لەبەر ژانەزگ لەخۆڕا نارەتەی لێدابا، ئەوپیاوە بە توندوتیژییەکی سامناک لەخەوێی هەڵدەستاندم: ها، ئەوە یەکێکە لە ئاشقەکانت، پێم بڵێ بزانم کێیە؟! وەبەر مست و پێلاقەی دەدام و لێی دەپرسیم بۆچی هەرکەسێک بەوکۆڵانەیدا تێدەپەڕێ وەگۆرانی کوتن دەکەوێ!؟ پێشی پەنجەرەی دەرەوەی ئەوباڵەخانە بەرزەی تێیدا دەژیان بەخشت و قوڕ هەڵچنیبوو تا نەتوانم چاولە کۆڵانێ بکەم.

و بریا هەر ئەوەندەش با؛ براوکەسوکارم هەقیان نەبوو سەرم بدەن. بێئاگاییی وان لە حاڵ و هەواڵی خزمە بەدبەختەکەیان کە ئەمن بم، بابەتێکی تازە نییە. دواجار کە چاوم بە براگەورەکەم کەوت، دووساڵ پێش ئێستا بوو. ئامۆزاکەم ئەگەر ئێستا ببینم بێگومان نایناسمەوە، چونکە لەهەموو ماوەی بەمێردبوونمدا تەنیا جارێک پێی دەماڵمان نا و چاوی بە قەڵافەتێکی وا تاڵ و تیژ و ڕەفتارێکی وا ناحەز کەوت کە لە چوارساڵی دواییدا هەرگیز نەیەوێ یادێک لە کچەمامەکەی بکاتەوە؛ هەر کە پێی من دەهاتە نێوانەوە، کابرا دەبوو بە سەگێکی وا

هار، که هیچکەس نەیدەوێرا لێی نیزیک بێتەوە. لەخوێڕیایەتی و ناکەس بەچەیی وی هەر ئەوەندە بەسە کە ئەوکاتەی لەسەر منداڵی سێهەمم چوارمانگ بوو دووگیان بووم، بەشەپ لەکەلەکەی دەدام تا لەبەرم بچێ. سەرەنجامیش کاری خۆی کرد؛ خوشکە عیفریتەکەی لەوکاتەیدا کە لەنەخۆشی و لاوازییان و نیزیک لەمردن دەجێدا کەوتبووم، تۆزێکی سپیی بەناوی ژانبڕ دەئاوێ کرد و دەرخواردی دام. هەر بەو ناوو نیشانەی سێ شەووڕۆژان ڕشامەوە. هێندەی نەمابوو بینە بکوژی گیانیشم. ئەوپیاوە موڕتازئاکارە لە هەموو ماوەی ئەوچوارساڵەی لەماڵیی بووم، تەنیا جارێک چارشێوی بۆ کڕیم. دەیکوت چارشێوی ژن تا ئەوکاتەی گەنجە چواردیواری هۆدەکەیەتی و کە پیریش بوو دیوارەکانی گۆڕی. لەپیسکەیی و نانکوێری و ژن ئازاریدا، وێنەی دووهەمی تەنیا بۆخۆی بوو. ژن و منداڵی بۆ وەک بەردی بیناسازی وابوون. سەیرە، بۆخۆی بەدوای دۆزینەوەی کاریشدا خۆی ماندوو نەدەکرد. هیچ شت و هیچ کەسێکی خۆش نەدەویست. ئەگەر کاتی بژاردنی برینج بۆ پڵاوێ، کە ئەویش ساڵێ شەوێک بوو، دەنکە چەڵتووکێکم فڕێدابا، لەخواردنی نانی شەوێ بێبەش دەبووم. ئەوەش بەناو دەرسێکی ژیان بوو کە ئەوان پێیان دەدام. بەڵام زۆرتر بۆیە چارشێوی بۆ نەدەکڕیم کە ناچاربم هەمیشە لەماڵێدا بمێنمەوە. منیش کە ئاوام دەدی لەڕقان بەسەری ڕووت دەچوومە کۆڵانێ. ڕەنگی گەرماویشم مانگەومانگ دەدیت. هەرکاتێک داوای پووڵی گەرماویشم دەکرد بزەیەکی بەگاڵتەجاڕیی دەکرد و دەیکوت، گەرماو کامەیە، خواردەمەنییە یا پۆشەمەنی؟ بەو قسەی بۆ سووتاندنی دڵی من، تانەی لە خزمانم دەدا کە گوندنشینن و ژیانێکی تایبەتیی ساکاریان هەیە.

سووچی لێوی سەید میران بەبیستنی ئەو بابەتەی دوایی کەمێک جۆڵا و لەگەڵ ئەوەدا کە دەستی لەسەر تەرازوو بێکار مابۆوە بەنیشاەی گاڵتە پێهاتن جووڵەیەکی کرد و بەچاوان پێکەنی؛ وەک ئەوەی بڵێ: ئای چ پیاوێکی بێنرخە! – ژنە، بەو نرمییە دەستەمۆیەی کە تایبەتی بووکانی گەنجە، داهاتەوەتا لەگەڵ منداڵەکە قسە بکا کە لەوەڕەزییان بۆ ڕۆیشتنەوە پەیتاپەیتا دەستی ڕادەکێشا. پێی کوت ئەوە دەڕۆن و لەڕێیە خواردنی بۆ دەکڕێ. دیسان لەباوەشی کردەوە و هەروەک ڕووی قسەی هەر دەومنداڵەبێ دەستی پێکردەوە:

- کەچی بۆخۆی، خۆڵی وەسەری، ساڵەوساڵیش بەپێش دەرگای گەرماودا نەدەڕۆیی. خۆ شوشتنی وەک مریشک هەر بەخۆڵی بوو. شەوانە هەر بەجلکی گێچاوی و بە پەڵەو پیسیی کارێ و لەشێک دەهاتە سەرجێگای من کە بۆنی حەرزوحاسمانی هەڵدەگرت. نێو گوێچکەکان و تووکی سەری هەمیشە مەنێک قوڕەسوور و کەڕووی تێدا بوو. لەکاتی شووکردندا چونکە بستە منداڵێک بووم، ئەو پڵتۆخە و خوشکە نالەبارەکەی باش توانیبوویان سواری قەڵاندۆشم بن. بە چووکترین بیانوو دەسندووقخانەی وەتاغێدا حەپسیان دەکردم؛ نان و ئاویشیان هەر لەوێ لەپێش دادەنام و لەماڵ دەچوونەدەر. دەتکوت یەخسیریان وەگیرکەوتووە. ئەوەندە لەژیان بێزار ببووم کە زۆرجاران ویستم خۆم بکوژم. تا پایزی ڕابردوو داهات – لەوانەیە کەسانێک لۆمەم کەن کە بۆچی دەبوو ئەوەندە نەشیاوو بێشەرمانە ڕەفتارم کردبێ! بەڵام چبکەم، لەوەی زیاتر ڕێگایەکی دیکەم لەپێش نەبوو؛ ئەودەمەی کەسێک کە لە ژیان و ڕۆژگاری خۆی بێزار دەبێ چاوەڕوانیی ئاقڵی سەلیمی لێ بەدروست نازانم. پایزی ڕابردوو بەدوای گاڵتەجاڕییەکی بێتام و بێواتادا کە بۆمن ئەشکەنجەیەک بوو، سەرەنجام کوتم چش لە هەمووشتێک و بەشەو بەو چارشێوەی لەسەرمە، لەماڵێ هەڵاتم. ڕۆژی دوایە بەبێ ئەوەی حاشارگەی خۆمی پێ بڵێم، وڵامم لێی نارد کە سووکی و دڵ بەزووخاوی تا ئێرە بەسە، ئەی خوێڕییەپیاوی نامەرد، ئەگەر هەر بەتەنێ بای و خراپەت دەگەڵ کردبام، دەمتوانی ددان بەجەرگی خۆدابگرم و سەبارەت بە منداڵەکانم بەرگە بگرم، بەڵام ئەوەنییە هەردووکتان دەستتان داوەتە دەستی یەک تا گیانەسەرم کەن؟!

ژنە گەیشتە ئێرەو بێدەنگ بوو. بۆ چرکەیەک کەوتەوە بیرەوەریی ڕووداوە تاڵ و دوورودرێژەکانی ڕابردووی، وەک ئەوەی بیهەوێ خۆی داوێنی خۆی لەدەستی خەمان ڕەهاکا، وای نواند کە دەیەوێ بڕوا، کڵاو و باڵتۆی منداڵەکەی ڕێکوپێک کرد؛ وەبن چارشێوەکەی خۆیدا و بە دەنگێکی نەرمتر لە باو کوتی:

- ئاوا لەمارەیی بووریم و گیانمم ئازادکرد. لەوی و کۆشکە عیفریتەکەی وا جودابوومەوە کە تەنانەت خوا بۆخۆشی نەتوانێ پێکەوەمان ببەستێتەوە.

بەسەرهاتی بێوەژنە گەنجەکە بەڕواڵەت بەکۆتایی گەیشتبوو. بیسەرەکەی بەپێی پێسیستیی دۆخەکە هەرچەندە جارجارە سەرنجی لایەدا و دەچووە سەر کاری کڕیار و بەردوتەرازوو، بەوردی گوێی دابۆیە؛ ئەونانەی بۆ ویی هێنابوو و کێشابووشی بەهەڵە خستبوویە پاڵ ئی یەکێکیدیکە. ژنە زانیشی بەڵام هیچینەکوت. چارشێوەکەی بەسەرزاریداکێشا تا بەهەناسەیخۆی گەرمبێتەوە. لەڕوونکردنەوەکانی دیکەی لە وەڵامی پیاوەکەدا وادەردەکەوت کوڕەمامەکەی کوێخای گوندی چۆغا سپی و پیاوێکی تاڕادەیەک دەست ڕۆیشتوو بوو؛ براکانی هەرکامەیان بەبەشی خۆیان لەسامانی دنیا شتێکیان هەبوو کە لەژیانی وەرزێڕیدا چاولەدەستی بێگانە نەبن. سەیدمیران کە ئاگادارییەکی کورتی لەسەر هەڵکەوتی سروشتی و گەورەیی یا چووکەیی گوندەکە هەبوو. تەنانەت هەلی بۆ هەڵکەوت لە سەر دۆخی وردەملکداری هێندێک بابەتی دیکەی وێ، پرسیارگەلێکی لێبکا. ئەوەندەی لە قسە بێژی نەبێژی ئاشکرا و بێ گرێو گۆڵەکانی ژنە ڕا هەڵیئێنجابوو، ئەگەر زانیارییەکانی بردبوونەسەر، نەزانراوەکانیشی دووهێندە کردبوونەوە. کێشە لێرەدابوو کە ئەو پیاوبوو و ئاگاداری

ئەوچەشنە بەپرسارییە ژنوژاڵانەی نەبوو، جا ئەویش لە ڕێڕەوێکی وا نەشیاودا بێگومان نەیدەتوانی لێی بوەشێتەوە. ئەو جەفەرجوانەی ڕووی قسەکانی تێیبوو، کە لەهەرلایەنێکەوە لەتایەکی دیکەی تەرازوودابوو لەگەڵ ژنانی ئاساییدا، باسی گوندێکی دەکرد کە زێدی بوو بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆی وردیشی لەسەری نەبوو؛ زۆرتر دەیەویست باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی بکا تا بابەتگەلی دیکە:

- کیژۆڵەیەکی دوازدەساڵانە بووم کە لەگەڵ دایەن و بووکەڵەکەم ناردیانمە ماڵە مێردی. لەوکاتەوە تا ئێستا کە بیست ساڵ لەتەمەنم تێدەپەڕێ[1] هەمووی لەشاری بوومە. ئەوحارسە بێبەزە و ئینسافە تەنانەت نەیدەهێشت بۆ ئاووهەواگۆڕینێکی دووسێ ڕۆژەش، سەری کەسوکارم بدەم. نازانم چ تاوانێکم لەدەرگاهی خودادا کردبوو کە پێش مردنم تووشی مارێکی وەها حەوت سەر و بەدکار ببووم. ژینی خامۆش و بێ گۆڕانی گوند، ئەویش لەکاتێکدا کە نە باوکێک بۆ مرۆڤ ماوەتەوە و نەدایکێک، و تاقە خوشکێکیشی هەبووە، ئەویش بۆ بیست فرسەنگ دوورتر هەڵداشتراوە سروشتییە خۆشییەکی نەبێ؛ بەڵام ئاخر ئەوەش دڵ ناگرێ کە ژنێک هەر لەبەر ئەوەی ناوی ژنی کەوتۆتەسەر ناچاربێ تا تەمەنی ماوە وەک ناڵی بن ڕێسمەی دەرگا بەبێزاری و کوێرەوەری لەماڵە پیاوێکی ناپیاو بزمارکوت کرابێ و لەچێژی شەرعیوعورفیی ئەو، بێجگە لەسوانی بەریپێی هیچی پێنەبڕێ؛ ژینی گوندنشینیم بەهەموو نەگۆڕیوکەم و زۆرییەکانییەوە، هەزارجار پێ باشترە لەوچەشنە ژینە، کە نەک ژین بەڵکو دیلی و خراپتر لەویش زیندەبەچاڵییە. بەڵام داخ، و سەت داخ!

قسە و دەردی دڵەکانی کۆتاییەکیان بۆنەبوو. سەید میران لەجیاتیانی لەبەرخۆیەوە لەسەرەخۆ کوتی:

- داخ، و سەت داخ کە شاری فریوکار دەست لەداوێنم هەڵناگرێ؛ جوانی و پووڵ دوو شتن کە هەمیشە مرۆڤ خۆشبەخت ناکەن!

و بە بێباکییەکی تازەوە، کە توانای لە خاکەساریی بێپەردە و مەردوڕەندیی ژنە وەرگرتبوو، لێی پرسی:

- ناوتان چییە؟

- هوما.

- باشە، هوماخاتوون، کەسێک خۆت کوتەنی لە مێرد و ژیانی پێشووی خۆی وادابڕابێ و وەرگەڕابێتەوە کە تەنانەت خواش ناتوانێ نێوبژیوانی کارەکەی بێ و لەلایەکی دیکەشەوە حەدیەی تەڵاقەکەشی - مەبەستم ئەو بابەتەیە – ئەگەریش هەڵنەهاتبێ، هێندەی نەمابێ، ئیدی هۆکارێک لەگۆڕێدانییە بۆ ئەوەی لەئاخ و داخدا بەسەر بەرێ.

لەبەر سەرقاڵی بە بیرکردنەوەو کێشانی نان بۆ پیرێژنێک، هەڵوەستەیەکی کرد؛ کە ئەوی بەڕێ کرد لە پشت تەرازوویەکەڕا هاتە ئەوبەرە؛ لە نیزیک ژنەکە خۆی بە سەروبن کردنی نانەگەرمەکانی سەر مێزەکەیەوە خەریک کرد و لەگەڵ ئەوەشدا درێژەی پێدا:

- ئەو دووڕۆژەی تەمەن، براکەم، ئەوەندەی ناهێنێ مرۆڤێک هەمووی بە دەردو داخ بتێپەڕێنێ. تۆ گەنجی و هەڵوەدوای ژینی، لەکۆنەوە کوتوویانە سەروهاوسەر. ئەگەر خوا تۆی لەکەسێک حەرامیش کردبێ، دەرگای دونیای بەسەردا دانەخستووی. ئەرک و فەرمانی دیاری کردوون؛ تۆ دەبێ مێردی بکەیەوە. ها، چۆن دەڵێم وانییە؟

ژنە، کە دەموچاوی بزانمەزان ئاوەڵە بوو، بەنیمچەنیگایەکەوە سەری هەڵێنا. پاش دوو یەکتر بینینی پەیتاپەیتا و وتووێژێکی نیو کاتژمێریی ڕووبەڕوو، ئەوە یەکەم جار بوو نیگایان تێک هەڵدەنگووت. گومان و دوودڵییەکی نیوەچڵ لەچاوەکانیدا، کە مەڕیی ڕوون بوون، شەپۆلیدەدا. وەک ئەوەی لە واتای قسەکان ڕا، کە تائەوئاستە کێشرابوون، خۆی بەخافڵگیربوو دەدیت. بە جووڵەیەکی مانادارەوە سەری داخست و بە شێوەیەکی سەرکۆنەکارانەوە کە لەهەمان کاتیشدا نیشاندەری شەرم و حەیای دڵگری ژنانەی وی بوو، کوتی:

- مێردا؟

لەبەر ئەو شەرم و پەشۆکاوییەی تووشی هاتبوو، خۆی بەمنداڵەکەی باوەشییەوە خەریک کرد:

- خوایە بمرم، دەستی منداڵەکەم سووتا؛ دەستی فەڕڕوخی خۆشەویستم جززەبوو!

دەستی منداڵەکەی بۆ لێوی برد و بەبێ ئەوەی لە سۆزی دایکانەی بەخۆدا بشکێتەوە، ماچی کردو ئەویش کە بەدیتنی دووبارەی قامکە ڕەشەکانی، ژانەکەی وەبیرهاتبۆوە و هەروەها لەدووریی دایکی و بێئۆقرەیی، لیچی تێکنا و دەستی کردەوە بەگریانەکەی پێشووی.

۱- تێبینی: قسەی وێژەر لەمەڕ تەمەنی خۆی ورد نییە. بێجگەلەوەش لێرەدا بەئانقەست دەیەوێ خۆی هێندە بەمنداڵکار نیشان نەدا.

بێئۆقرەیی و پەشۆکاویی ژنەکە بۆ حاواندنەوەی شتێکی سروشتی بوو. بۆ وەی زیاتر لەوێندەرێ ڕانەوەستابێ، هەرچەندە هێشتا نانەکەی وەرنەگرتبوو، لەسەر پانیەی پێ سووڕا کە بڕوات. منداڵەکەی بە نارەنارێکی کورت و خەماوی لە لانکەی باوەشیدا ڕاژاند و لەشوێنی خۆی ساوەساوی کرد. نیشانەیەکی قووڵی خەفەت و نامرادییەکی بەیان نەکراوی لەدەنگیدا بەدی دەکرا کە پیاوە کاسبکارەکەی بۆ چرکەیەک دەفکران ڕۆبرد. — ئاوەز و دەرفی کۆمەڵایەتی خۆ بۆ بزواندنی مرۆڤێک بەسن تا چ دەگا بەوەی کە لەتەک هێزێکی سەرەکیتر کە بریتییە لە هەست، ببنە هاوجڵەو — ئایا ئەوژنە دردو داواکاریگەلی نەهێنیی وای نەبوون کە نەیدەتوانی دەریان ببڕێ؟ و چۆن دەکرا بەوە بزانرێ؟ کێشەی گرنگ لێرەدابوو. هەرلەو چەند خولەکە کورتەیدا کە ئەوبەندەی خودایە پاڵی وە شیپانەی دەرگادابوو و قسەی دەکردن، خاوەنی دووکانی کووتاڵفرۆشیی دراوسێی قاوەخانە، لەوبەری شەقامەکە، هەر چۆن لەبن کورسییەکەی دانیشتبوو، چاوی ئاوەسۆی بۆ چرکەیەکیش لەسەریان هەڵنەگرتبوو؛ وادیاربوو خودی خەیاڵ پووچی، لەحاند تاقمی ئەو ژنانەی کڕیاری هەمیشەیی بوون، تێڕوانینێکی تایبەتیی هەبوو کە کە پێیوابوو خەڵکی دیکە ئاوان! دەنا ئەو هەرگیز کارێکی هەڵەی نەکردبوو.

سەید میران وێڕای کێشانی نانەکە، جارێکی دیکەش قاوی لەعەبدولی شاگردی دووکانی کرد. بەئاماژەیەک بەدزیی ژنەچارشێو سپییەکە دەستووری پێدا بچێ لە شێرنیخانەی سەر سووچی کۆڵان چەند شەکرۆکەیەک بکڕێ. ئەو پووڵەی هەڵگرتەوە کە ژنەکە لەسەرەتای هاتنیدا لەسەر سەکۆی دانابوو و هەرلەوێ بوو و دایەدەست کوڕەبووچکەلانەکە. دەنگی ماندووی دەمی پێشێی خۆی بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە هەڕەشەیەکی تێدا بەدی بکرێ هەڵێنا:

- وەرە خوا یا تۆ بکوژی و من ئاسوودەکا، یا من ئاسوودەکا و تۆ بکوژێ، هەی تەمبەڵی نان لێ خەسار! خوا مێشهەنگوینی خەلق کردووە تا شەوورۆژ بەخەبەر و لە حەولی کارکردن و بەهەرەگەیاندنداب‌ێ و ئەتۆی قۆشمەی بێکەلکیشی بۆوەی بچی لەسەر ئێزنگەکان ڕاکشێی و خەو پاشەکەوت کەی! لەسەردڵی من بوو بەحەسرەت کە سەربەخۆ گەسکێک بەدەستەوەبگری و پێش ئەو دووکانەی بماڵی تا ورتکەنان لەبەرپێی کڕیاراندا پێپەست نەبێ. چاو چاو ئاخر ئەو زیخانەی بەهەرهەنگاوێک لەبەرپێی هاتوچۆکەران وەک کللۆ دێن و دەچن و هەڵدەبەزنەوە ماڵی ئەودووکانەن؛ ئاخر ئەوانە وردەپووڵن، پووڵ! ئاخر دەردوداخت کوشتمی!

و ڕووی دە ژنە چارشێو سپییەکەوئەوپیاوی کرد کە نانی لەسەر مێزەکە هەڵدەگرتن و لەسەری ڕۆیی:

- پێتان سەیرە، دەزانم؛ هەقیشتانە پێتان سەیربێ یا دەدڵی خۆدا پێم پێبکەنن و لەبن لێوان بڵێن: ئەوچییە، مەگەر زیخی بیابانیش بەپووڵ دەبێ؟! هەردوێنی نەناسراوێک هاتبوو بۆ سەر کوورەی ماڵەکەی هێندێک زیخ ببات، وەک چۆن ئاو لەکانی هەڵدێنجن؛ و ئەوە ڕاست قسەی کابرابوو بەمنی کوت، بەڵێ، بەداخەوە دەبێ بڵێم کە ئەوڕۆژانە زیخی بیابانیش بۆتە پووڵێک؛ هەر وەک بۆخۆمان کە کاسبکارین بۆ هەربارەی بە دووقڕانی خڕ، ئەویش بە هەزارو یەک پاڕانەوە و منەت پووڵەکەی دەدەین، بارێک بە دووقڕانی باوی ئێران و سکەی خاوەن شکۆ، هەر بۆ ئەو زیخە بێکەلکانە!

بەدەنگی تووڕەییەکەی، خەلیفەی دووکانێ گەسک بەدەستەوە هاتەدەر تا زیخەکان کۆکاتەوە. ژنە چارشێوسپییەکە کە ناوی هومابوو، نانی خۆی وەرگرت، خستییە بن چارشێوەکەی و بەڕۆیشتنەوە ئاوڕێکی داوە. بەنیگایەکی شۆخ و دڵڕفێن کە هەر بەوئەندازەش لەسەرەخۆ و بەشکۆ بوو، دەمی بچووک و لەبیانووی خۆی کردەوە، کە بەدوولێوی ناسک وهەوەس بزوێن دیاریی دەدا؛ سەرو گەردنی بە خنچکەیەکی دڵگر بادا و ئەو حەنەکە حەنتیکەشی کردە دیاری بۆ هاوڕازەکەی چەند چرکە پێشی خۆی:

- کاکە تووڕەمەبن؛ باری بەدووقڕان دەیکڕن و مەنێک بە دووقڕان، واتە بەنرخی نان بەئێمەی کڕیاری دەفرۆشنەوە؛ جا سەودای لەوەی باشتر؟!

گۆی درشتی ئەوچاوانەی بۆلای سەیدمیران ئاوڕیان دابۆوە بە تایبەتمەندیی سەرووزەمینیی خۆیان وەک برووسکە کارێکی وەها وردکەر و سووتێنەریان کردە سەری کە پیاوی خواپەرستی چەند چرکە پێشوو حاڵی شێوا. بیوەژنۆکەی بەستەزمان، کە بەبیرەوەریی ڕووداوە تاڵ و ئاخرشەڕی ژیانەکەی ناڕەحەتببوو، بەپەیڕەوی لەئامۆژگاری چاکەخوازی خۆی دەیەویست بەوەی پەردەی فەرامۆشی بەسەر دەردو فرمێسکەکانی خۆی داکێشێ. خەمزەیەکی شیرن، بەڵام شەرمن و نەبان لە دۆخی وریای نیگاکەی، لەگەڵ سەرکۆنەیەکی ورووژاوو سەرکەش دەبینرا کە ترس و هیوا، ترس و داوای لەنێودڵ ڕا دەردەبڕی. هەرچەندەش سەردەمی حیجاب بوو، بەجێ نییە ئەگەر بڵێین سەیدمیرانی سەرابی تائەوکاتە ژنی ڕووجوانی کەم دیتبوون. ئە بۆخۆی کورد بوو و بەشی هەرەزۆری گەڕەکەکانی کرماشان و کوردستان گەڕابوو کە هەموویان کوردنشین بوون و ژنەکانیان بەپێی دابودەستووری باپیرانیان بێ حیجاب بوون؛ بەڵام ئەوژنە، هەر بەو نیگا دەربڕە ڕوونتر لە بەیانی ڕوونەی سەردەشتی، هەر بەوبزە شیرن و دڵڕفدێنتر لە ئی خۆر ئاوا بوونی بانەی، لەسەرووی هەمووی ئەوشتانەبوو. لەترسی دینی و لەسەرەخۆیی ئەخلاقی بوو، یان لەبنەڕەتدا تابی ددان بەخوداگرتنی نەبوو،

هەرچییەکی بوو خێرا سەری داخست؛ لە چزووی بەئازار بەڵام نەرم و شیرنی قسەکانی، کە نیشانەی بێئەملاوئەولای هۆش و ماریفەتی پڕاوپڕی بوو، بزەی هاتێ. جوابی داباوە یا نەیداباوە، ئەو حەنەکە لەپێش چاوی مشتەرییەکان بەباشی دارکاریی کردبوو. جا بێئەوەی هیچ بڵێ یا وەسەرخۆی بێنێ، بۆهێنانی نانێک بۆ خستنە سەر پارسەنگی تەرازووەکە چووە نێو دووکانێ. جووڵانەوەکانی شادمانانە و بەتەواوی لەڕووی هۆش پەرتی بوو. بەدوای ژنەچارشێو سپییەکەدا لەڕیزێکدا و پەیتاپەیتا و بێ نێوان، چەندکەسێکی دیکە نانیان کڕی و ڕۆیشتن. یەکێکیان کوڕۆکەیەکی زەردەڵەی شاگرد ئاسا بوو لەتەمەنی عەبدولدا کە کۆتێکی فش و گەورەی دەبەردابوو. دەستەکانی لەترسی ڕچان دەقۆڵەکانیدا شاردبوونەوە، یەقەی هەڵگەڕاندبۆوە و بەنانی بن هەنگڵییەوە خێرا دووردەکەوتەوە. سەیدمیران وەشک کەوت داخوا پووڵی نانەکەی لێ وەرگرتووە یان نا؛ لەوکاتەدا کە نانەکەی بۆ دەتەرازوودەنا هۆشی بەتەواوی پەرت بوو. تەنانەت نەیزانی چەندی نان داوەتێ. ئایا تەرازووەکەی بەدروستی کێشابوو؟ بۆ کاسبکار، خەڵەتان لەسەودادا بەهەمان ئەندازە تاوان بوو کە خەڵەتاندن هەیبوو. جا بەپەلە هاتە سەر شەقام و کوڕەکەی پێش ئەوەی ئاوابێ بانگ کردەوە. کوڕەکە کاتێک گەیشتەوە لای نیشانەی سەرسووڕمان و پرسیار لە نێوچاوانی دا شەپۆلیان دەدان. سەید میران بەدەنگێکەوە کە بێگومان لەسەرەخۆ نەبوو ڕووی تێکرد:

- چەندت نان وەرگرت؟

کوڕۆکە ڕەنگی بزڕکا:

- مەنێک!

- پووڵەکەی؟

پووڵەکەم دا کاکە، بەخوای هەر ئەوکاتەی دەتکێشا دام. بۆخۆت لەدەستت وەرگرتم و دەداخلەت هاویشت!

- سوێند مەخۆ کوڕە ڕاستییەکەی بڵێ!

- بەخوای ئەگەر درۆبکەم! ئەسکیناسێکی پێنج قڕانی کۆن بوو، ئەوەش ئەو سێ قڕانەی وێتدامەوە. ئای!

چڕوچاوی وای لێهاتبوو کە ئەگەر درێژەی کێشابا وەگریان دەکەوت. سەیدمیران داما چی پێ بڵێ. چاوی لە داخلەکە کردو بەبێ ئەوەی بەدوای ئەو پێنج قڕانییەدا بگەڕێ کە کوڕەکە کوتبووی یا هەر دیتبیشی سەرێکی بۆ لەقاند. دەوکاتەدا عەبدول لە ڕاسپاردەکەی خۆ گەڕاوە. پاکەتی ئەو شەکرۆکانەی کڕیبوونی دەدەستیدابوو، لەپێش خاوەنکارەکەی لەسەر سەکۆ داینا و بەدەنگێکی تاڕادەیەک بەگلەیی کە پیشەی ئاساییی بوو کوتی:

- چما نەتکوت ئەوەی بۆ ئەو منداڵە بکڕم کە زیخ دەستی سووتاندبوو و دەستی بەگریان کردبوو؟ هەرچەند کردم دایکی لێی وەرنەگرتم. کوتم خاوەنکار فەرمانی داوە بیدەم بەتۆ، کوتی – ئاوی لووتی هەڵ لووشی و لەجیاتی تەواوکردنی ڕستەکەی لەڕووی ئەرکناسییەوە وک ئەوەی تازە وەبیری هاتبێتەوە ئاگردانە قوڕینەکەی لەبەردەستی خاوەنکار هەڵگرت تا بیبات و ئاگرەکەی بگەشێنێتەوە. سەید میران بە نیگایەکی دژکار چاوی بە دەموچاو و بەژن و باڵای دا خشاند:

- ئەی بۆچی بێدەنگ بووی؟ بێگومان کوتوویەتی خاوەنکارەکەت غەڵەتی کرد، وەنییە؟ زۆرباشە، شیاوی ڕێز لێنان نەبووە؛ نەوشی گیانی تۆبێ؛ بیبە بیدە بە شاتر زەمان با بەنێوهەمواندا دابەشی کا.

پاکەتی لەسەر سەکۆ هەڵگرت و لگەڵ ئەوەیدا کە بیری دەکردەوە و چاوی چاوەدێری بۆ دووران دەگەڕا دایە شاگردەکەی. لەپیادەڕێی ڕووبەڕوودا کە هێشتا بەرتاوبوو، لەنێو کۆمای بێدەنگ و ماتی ئەوخەڵکەی کووڕایی پشتی خۆیانیان بەولاوئەولادا ڕادەکێشا، بەزوویی چاوی بە باڵتۆی سووری منداڵەکە کەوت. ژنە قامکەچکۆلەی خۆی دابووە دەستی وی کە بە هەنگاوە بچکۆلانەکانی دارەدارەی دەکرد؛ بۆوەی ماندووی نەکا جارجارە ڕادەوەستا، دادەهاتەوە و دەەیدواند و پاشان دووبارە سەبرۆکە دەستی دەکردەوە بە ڕۆیشتن. ئەوانەی بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین ترسێکیان لەوەی نەبوو کە ڕاوەستن یا ڕوویەک وەرگێڕن و تێیەوە ڕامێنن. سەید میران سەرەڕای ئەوەی پانتایی ئەو دیمەنەی لەپشت دووربینی دووریی مەوداڕا دەدیت و هۆکاری ئەو چاولێکردنانەی بەدروستی نەدەزانی، بۆ بێکاری و پووچیی کاری هاوشارییەکانی زیادە لەئەندازە بەداخ بوو. سەرەنجام کاتێک ئەودوانەی لە پێش چاوان وندەبوون و خەلیفەی دووکانی بۆ دانی فەرمانێک بانگ دەکرد، لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- هوما، ژنێکی چەند جوان و دڵڕفێنە! چەند کێژێکی بەهۆش و خۆڕاگرە! بەستەزمان هێشتا لەوی گەنجترە بزانێ تەڵاق یانی چی، کە تێبگا بۆ ژنێکی منداڵکار و جوان و لەباری وەک وی، لە شاری گەورە و چاخی نالەباردا، بەبێوەژنی مانەوە چ واتاگەلێکی تێدان! هیچ شتێک لەوەی پتر جێباوەڕ نییە کە ژنێکی بەو جوانی و شیرنییە، وەک بۆخۆی دەڵێ، ماڵ و حاڵێکی، خۆشەویستی و بەندیوارییەکی هەبووە؛ منداڵی هەبوونە کە بەهۆکار یا هۆکارگەلێک لێیان دوورکەوتۆتەوە؛ سەری لەسەر سەرینی مێردێک بووە کە باش یا خراپ، سازاو یا نەسازاو، لەهەر دوخێکدا و هەرچۆنێک بێ نەیتوانیوە یا شایانی ئەوە نەبووە هاوسەرێکی وا جوان ڕاگرێ. ئایا پیربووە؟ کەموکووڕی یا نەسازاوی بەڕاستی ئی وی بووە، یا ئی خودی ئەو ژنە؟

بیرگەلی بێ بوار، ئەویش لە کات و دۆخێکی نەشیاو کە بە بەرچەپەکای ژینگە، هێرشی مشتەرییانی سەرلەئێوارێ، هاتوچۆ و دەنگەدەنگی شەقام، زنجیرەکەی پەیتاپەیتا دەپسێن، بێگومان ناتوانن بە هیچکوێ بگەن. قسەکانی ئەوژنە، سەرەڕای ئەوەی کە جاڵجاڵۆکەیەکی ڕەشی لە مێرد و کار و کردارەکانی لەبەرچاوی بیسەرەکەی سازدەکرد، دەنگی بە بێتاوانبوونەکەی نەدەدا. بەڵام جوامێر ئەوەیە لێببوورێ؛ چ مرۆڤێک هەیە هەڵەی نەکردبێ. و پیاوێکی بەهەست و دڵپاکی وەک سەید میران کە هزر باشی و بێگەردیی دەروونی لە جەددی خۆی ڕا پێگەیشتبوو، چۆن دەگونجا مافی پێنەدا؟" لە ڕەفتاری ڕواڵەتی، شێوەی چاولێکردنی و لەهەموان گرنگتر سەروسیمای ساکار و فەقیرانەیدا، ڕاستییەک شاردرابۆوە کە نیشانەیەک بوو لە شایی بەخۆیی، پشوودرێژی و سەرەنجام داوێن پاکییە سروشتییەکەی. ئەگەر ئەو ژنە پەڵەیەکی هەڵەی بەدامێنییەوەبا، بەو شۆخوشەنگی و جوانییەی قسەی تێدانییە لەتەواوی شاردا تاق بوو، زۆرکاری بۆ هاتبوونەپێش و کردبوونی کە کەمترینیان کەلک وەرگرتن بوو لە جلی جوان و پڕزریقەو بریقە و تەفرەدەر. ئەو ئەڤینانەی مۆری بازاڕییان لەسەرە، وەک چینیی درز تێکەوتوو دەنگێکی جیاواز دەدەن. هەرچۆنێک بێ بابەتێکی مسۆگەر بوو کە ئەو، ئەگەریش نەک هەر لەبەر دوورمانەوە لە منداڵەکانی و بێوەژنایەتی و بەتەنی مانەوە، بەڵکوو لەبەر گوزەرانی ژیان، واتە خۆراک و پۆشاک و جێگاوڕێگاش لەدۆخێکی لەباردا نەدەبو.

باشە بکوترێ ئەو بیرانە زۆرتر بەشێوەیەکی پێچەڵۆک و ناڕوون بۆ سەید میران هاتبوونەپێش، نەک زنجیرەیەکی ڕێکوپێک و ئاوەزپەسند. ڕووی دە خەلیفەی دووکانێ کرد، کە لەچاوەڕوانیی فەرمانی ویدا، خۆی بە تاشینی قوڕی نێودەرگاوە خەریک کردبوو، و کوتی لەوەی بەدواوە نانی ماڵی هێندێک کەسان و بەتایبەتیش ئی یاوەری سەرۆکی کاروباری تیپی بۆخۆی ببا و بیانداتێ، نەک عەبدول کە نامەتی لەسەرڕووی دەباری و مرۆڤ بەدیداری تێکدەچوو؛ ژنەچارشێوسپییەکە، ئەو بوتە بێ بەرگ و ئەنوایەی بۆخۆی چۆڕاوەی تەڕوبەڕی و بێگەردی بوو و هێندە ئەوناق و دڵێکی پڕی لەچەنگ ژیانێکی پڕ لە نەهامەتیی ڕابردووی هەبوو، بێگومان نەیدەتوانی دەست وێکەوتووی پیسکێرێکی دیاری وا وەرگرێ و بیداتە منداڵەکەی. کوڕۆکەیەک بەجلکی کازروونیی قوتانخانەوە نانی لەدووکانەکە هەڵگرتبوو لەجیاتی پووڵ کاغەزێکی بەموری دا بەسەید میران و بە ئەدەب و ڕێزێکەوە کە پێشتر خۆی بۆ ئامادەکردبوو کوتی:

- دایکم سڵاوی پێگەیاندی و کوتی کاغەزی مۆردارمان تەواوبووە، ئەوە دواییینیانە.

ئەو کوڕە ئی بنەماڵەیەکی ئابڕوومەند  بەڵام دەستکورت بوو کە سەیدمیران لەڕووی خواپەرستی و مرۆڤدۆستییەوە یارمەتیی دەدان. ئەوکەسەی لەسەر گەسک نەدانی زیخی هەڵوەریوی دووکانێ بەسەر کرێکارەکەیدا دەیگوڕاند، بەکردەوە پیاوێکی بەخشندە و چاکەکار بوو کە بۆ دانی سەت مەن مۆری نان بە هاوڕەگەزێکی بێدەرەتان هەرگیز نێوچاوانی تێک نەدەنا؛ ئەو جۆرەکارانە لەڕوانگەی ئەوەوە وەک خوێنێک بوون کە لە خوێن بەردانادا لەبەرلەش دەڕوا و نەک هەر دەبێتە هۆی پاکی و ساغیی ڕەوان، بەڵکو بەزوویی جێگاشی پڕدەبۆوە؛ جا بەبێ ئەوەی چووکترین بیری لێ بکاتەوە بەکوڕەی کوت:

- ئێ، ئێ، ئەوڕۆ یا سپەی بەیانی بیست مەنی دیکەتان دەدەمێ. خۆ خەڵووزەکەتان لێ نەبڕاوە، ها؟ ئەوجار کە هاتی نانی وەرگری دەفرێکیش بێنە و بیدە بە سڵێمان، تا هەرکاتێک ئاردی ورد و باشیان لە ئاش ڕا هێنا دووسێ مەنتان بداتێ، ڕەنگە بۆ هەرشتە یا شتگەلی دیکە پێویستیتان پێی بێ.

و بەسەربادانێکی بەقەناعەتەوە ئیزنی دا. ژنە چارشێوسپییەکەش هەرچەندە لەبەر ئەوەی گەنج بوو و دەیتوانی مێردی بکاتەوە، وەک ئەو بنەماڵەی دەستکورت نەبوو، وێدەچوو لەوان زیاتر پێویستیی بە یارمەتی هەبێ. لەبەرخۆیەوە کوتی:

- ئەرێ جارێکی دیکە دەیبینمەوە؟ بریا زیاترم لە دۆخی پرسیبا؛ لەکەم و کەسریی ژیان و ناڕەحەتییەکانی کارەکەیم پرسیبا، ئەگەر مارەیی و نەفەقەی خۆی بەمێردەکەی بەخشییێ و لەکاتی ئێستادا دوور لەکەسوکاری خۆی بژی ئەدی گوزەرانی چۆنە و  لە چ ڕێگایەکەوە دابین دەبێ؟ ئایاپاشەکەوتێکی هەیە؟ کەس نانی دەدا؟ یا...

لێوەکانی خۆی ڕێک کوشین. دەستی بەنێوچاوانیدا هێنا تا بیرێکی ناخۆش لەخۆی دوورخاتەوە. دەتکوت هەڵێکی گەورەی لەکیس داوە؛ یا هەستی دەروون، لە ڕووداوێکی گەورەی پەیوەندیدار بەخۆی ئاگاداری دەکردەوە، بەڵام، ئەندێشە، ئەو جامی دنیانوێنەی لەش، لە دۆزینەوە و تێگەیشتنی ڕازەکەی، دامابوو. بەخۆی کوت:

- لەڕاستیدا بۆدەبێ پیاو خراپ بەدڵیدا بێت؟ بەچی ڕا دیارە کە هەموو بژیو و گوزەرانی ئەو بەندەی خودایە هەر بەو چارەگە نانە بەرتەسک نەبووبێتەوە، کە ڕۆژانە دەیکڕێ؟ سەیرە، ئەو ژنە بیری منی تێکدا. بریا جارێکی دیکەش دیتبامەوە. لە ژیانی خۆیدا هەرچۆنێک بێ کاتێکی ناسک و دژوار تێدەپەڕێنێ؛ هەموو شتێکی وای دەنواند. لە گەشەکردووترین وەرزداکە بەهاری تەمەنییەتی و لە هەزار گوڵی وجوودی یەکێکیان نەپشکووتووە، حەیفە بکەوێتە بەر بای سارد و ئیشک کەر یا ژەهراوی و سووتێنەری زەمانەی بێسەرەوبەرە و ناجوامێر. ئەو گەنجە و جوانە و هەر بەو ڕێژەیەش نەزان و خەوش هەڵگر. ژیان بەهوموو سادەیی و ڕاشکاویی ڕواڵەتیشییەوە شتێکی ئاڵۆز و پێچاوپێچە کە بیری بێئەزموونی گەنج بە ناپوختی و سەرسەری وەری دەگرێ؛ کەری جرجاڵە کە لەهەر سەرەموویەکی لەشی ڕا سازێک دەنگی دێ تا بەندەکانی بێئاگای خوا لەڕێگای ڕاست لادا و بەدوای خۆیدا بیان کێشێ؛ ئەوانەی دەبێ پێ بکوترێ. ئەو پێویستیی بە پەند و ئامۆژگاری هەیە؛ پەند و ئامۆژگاری، کە تەنانەت پیران و دنیادیتە بەئەزمەنەکانیش خۆیانی لێ بە بێ نیاز نەزانیوە. ئەگەر تا یەک دوو ڕۆژی دیکە کە لەپشت ئەودەزگایەم بتوانم بیبینم، هێندێک شتی باوکانە بەگوێدادەدەمەوە؛ دەکەومە سۆراغی قۆمرغانەی مێردەکەی، مەگەر ئەوەنییە سێتەڵاقەی کردووە! ئایا بەپێچەوانەی ئەوەی ژنەکە دەیکوت، لە بەرگ درووی خوداییدا هیچ دەرزییەک بۆ دروونەوەی ئەو ڕستە پساوە نادۆزرێتەوە؟ بەڵکو بتوانم بە نێوبژیوانیی ڕاستەوخۆ یا هەر ڕێگایەکی گونجاو لەونێوەدا ببمە هۆی چاکە. هیچ کارێک خواپەسندتر و خێرێک بەنرختر لەوەی نییە مرۆڤ دایکان بە منداڵانی و مێرد بە ژنە لێ جیابووەوکەی بگەیەنێتەوە.

دووکانەکە بەنیزیکبوونەوەی شەو بەرەو قەرەباڵخی دەچوو و ئەو پەیتاپەیتا بەردی دەتەرازوودەنا، نانی دەدابە کڕیار و پووڵی دەداخلەی داویشت. جووڵانەوەکانی لەڕووی ڕاهاتن و گێژانی بوو. بەنیشانەی دان پێداهێنان بەدواییں بیرۆکەیەک بوو کە بەمێشکیداهات و سەری ڕاوەشاند. ئەگەر تەرازوودارێ تۆراوی، حەبیب، بەوزووانە دەگەڕاوە و دەستی لەو نازونیمنازە بێتام و منداڵانەی شیاوی پیاوێکی گەورە و بەئاوەز نەبوو هەڵدەگرت تەنانەت لەوانەبوو بۆشی بخوازێ. ئەو ژیان و سەروسامانێکی باشی نەبوو و وەک هەموو بێژنان، دێوەزمەی تەنیایی ئازاری دەدا، بێ هیچ قسەیەک لە مزگێنیی خۆشبەختییەکی ئاوادا گیانی دەبەخشی. چیرۆکی وی کە ساڵها لە هەڕەتی ژن هێنانی تێپەڕیبوو و ئەو پەری ڕوخسارەی موو زێڕن، وەک لێوی وشکی تینوو و ئاوی ساردی کانی بوو. دەیکوت مزی کەمە، ئەوەش شتێک زیاتر! ئیدی چ دەردێکی هەبوو؟ مەرگی دەویست دەچووە گێڵان. لەماوەی ئەو دوو ساڵەی هاتبووە لای ئەو، ئەوە سێهەمین جار بوو ئۆینی دەردێنا؛ لەسەر هیچوخۆڕایی و تەنانەت بەبێ ئەوەی داوا یا گازندەیەکی هەبێ دەست لەکار دەکێشایەوە، دووکانی بەتەمای خوا بەجێ دەهێشت و دەڕۆیشت. بەهەموو دروستی و دەستپاکییە بێ چاوەڕوانییەکەشییەوە، کە خوو و خدەی بەرچاوی بوو، دەکرا چ ناوێک لەو جووڵانەوەی بنرێ؟ و بەو خووە سەگانەی هەیبوو ئایا لەإڕاستیدا دەکرا ژنێکی وا دڵ شکاو، کە پێویستیی بە لاواندنەروە بوو، خۆشبەخت کا؟ ئەوەش بۆخۆی کێشەیەک بوو.

ئارد گوێزەرەوەی دووکان بەچەند تەنەکەی هەڵتۆقیو و سەربەتاڵی ئاردەوە لەهەردوو دەست بنهەنگڵیدا بەولایەی کەندوویەکەدا کە هەر لەونیزیکانە بوو، وەدیارکەوت. ئەو پیاوێکی باریکەڵەی کورتەباڵا و کۆسە بوو کە بەهۆی پێشینەی نەخۆشییەکی دەماری لەدۆخی ئاساییدا هەمیشە لەسەرجێگای خۆ جووڵەجووڵی بوو. بەڕواڵەت گێلۆکەو بێکەلک و لەڕاستیدا گەلەک ڕەنجدەر، پڕکار و هەست بە بەرپرسایەتیکەر بوو. شێوەی جلک پۆشینی، قسەکردنی، بەڕێدا ڕۆیشتنی و هەرکارێکی، تەنانەت بیرکردنەوەشی، ببووە مایەی گاڵتەپێکردنی کرێکاران و بەتایبەتیش سەیدمیران. ئەو پیاوە کورتەباڵایە، کە قەشمەر نەبوو بەڵام خەڵکی دیکە و تەنانەت کاسبکارانی دەوروبەر، بۆ خۆشی و بەبێ ئەوەی بۆخۆی بزانێ قەشمەرێکیان لێ سازکردبوو تا سەختییەکانی کار و ژیانی ڕۆژانەی پێ لەبیرخۆ بەرنەوە، شەش تەنەکەی چوارمەنی ئاردی بەشێوەیەک ڕادەگوێست کە وێنەی چەرخوفەلەکی منداڵانی بەخۆوەگرتبوو. ئاردەکانی لەسەر تەغار دانا و لەنێودەرگای دووکان گەڕاوە. ئەو ئاردماڵەی خاوەنکارەکەی بەیانیی ئەوڕۆژە بۆی سازکردبوو، بەدەستییەوەبوو. دەستی بە پرزەپڕەکانی دادەکێشا و تاقیی دەکردەوە و بەچاوی ستایشتەوە دەیڕوانییە درشتی و خۆڕاگرییەکەی. ئەو پیر بوو بەڵام لە شێوەی ڕوخساری بێ تووکی ڕا بێژیەنەیژی کەس نەیدەتوانی بەتەمەنی ڕاستی بزانێ. کەمەربەندێکی پانی لەسەر کۆتە ناقۆڵا و ئارداوییەکەی بەستبوو و پاپێچێکی لە پێیە باریکەکانی هاڵاندبوو. بە زاراوەیەکی شل و دەنگێکی کێشدار کە تایبەتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کرماشانە، سەیدمیرانی ئاگادارکردەوە کە ئارد لەکەندوودا نەماوە. خاوەنکار بەبیستنی ئەو هەواڵە، لەناکاو دەستی لە کێشانی نانەکە هەڵگرت و بەسەرسووڕمانەوە ڕووی تێکرد:

- ئەوە دەڵەی چی سڵێمان، چۆن ئاردمان نییە؟ مەگەر وەجبە شەش بارییەکەی بەیانی هێشتا لەئاشی ڕا نەگەڕاوەتەوە؟ (چاوێکی لە کاتژمێرە گیرفانییەکەی کرد) بەوحیسابە زۆر دوور نییە ئەوشۆ بێ ئارد بمێنینەوە. ئەو پیاوەخوێڕیلەناجسنە دیسان دەیەوێ ئۆینێکمان بەسەربێنێ؛ دیسان بەتەمای نەحاوانەوە و بەدفەڕییە. پێم بڵێ بزانم بەنەغدی بەشی چەندهەویران ئاردمان دەکەندوودا ماوە؟ ئەوەندەت لەبەردەستدایە بەشی هەویری بەیانیمان بکا؟

سڵێمان بەپشتی دەستی کەپۆی ڕچاوی ئەستڕی و لەجێگای خۆیدا پێچی خوارد:

- ئاغا ئەو تەنەکەی دوایە هێنام هەمووی تۆزی پەتی بوو؛ دابێژتنی نەدەویست. مەبەستم ئەوەیە تەنانەت تۆزی سەردیوارەکانیشم بە ئاردماڵەکە ماڵیوەو کۆم کردۆتەوە، بە زۆری دە هەویرێک بوو. ئەو دەهەویرە بەشی نان برژاندنی یەکەمی دووکان دەکا، بەڵام دوایە چ بکەم؟ کاری ئەوانە جێگای بڕوایی نییە؛ ئەگەر بمانەوێ دەست لەسەردەست دانێین و لەچاوەڕوانیدا دانیشین دڵنیام وەک جاری پێشوو، و دیسانیش ئی پێشتر، دەبێ نیوەڕۆی سپەینێ بخەوین.

خاوەنکار کوتی:

- بێجگەلەوەش، ئەوەی کارەسەرەکیترەکەیە، سڵێمان، نانیڤوشەنە، تۆ وێدەچی لەبێخەوە ئەوەت لەبیرکردبێ. وەڵامی وان چۆن دەتوانین بدەینەوە؟ وەک دەبینم، ڕێگای ئاشی پێیخۆتەماچەدکا. کەڵاشەکانت هەڵکێشەو تا تاریک دانەهاتووە بچووە سەراو؛ دەیبزانم چ دەکەی.

سڵێمان لەگەڵ شلکردنەوەی کەمەربەندەکەیدا بۆڵەیەکی هات و جوێنێکی بەئاشەوانەکەدا:

- بەوشەوەی زستانێ و بەوسەرمایەی بەردی دەقەڵێشێ ئاخیرەکەی ڕێگای ئاشیان وەبەرنام. ئینشاڵڵا بەسەر خاوەنەکەیدا وێران بێ. بەڵام مەشەدی، دەترسێم ئەو هەموو ڕێگایە بپێوم، سەرماکەم وێکەوێ و بەدەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە.

سەید میران دڵنیایییەکی دا بەکرێکارەکەی:

- نا، بڵێ بەتەمای خوای و مەترسێ! هەرچەندی هاردرابوو هەڵی دەگری و دەیهێنێ. ئەگەر لە ئاشەکانی دیکەی سەرابیش بێ یەک دوو بار قەرز دەکەی و بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێیەوە. من ئەوشۆ ئاردم لەتۆ دەوێ، هەروەک مەلا ئەحمەدی ئەردەوێڵی ئاوی لەخودا ویست. بگەڕێوە جا چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە.[1]

سڵێمان، لەسەر هەردی، لە بن مێز، کوتە نانێکی نیوە سووتاوی هەڵگرت، فووی لێکرد و خستییە دەمی:

- ئاغا دەزانی هەموو سەرسوورمانی من لەچیدایە؟ لەوەدایە کە تۆ بۆخۆت خواشوکور هەمووکارەی تاقمەکەو سەرۆکی گشتیی؛ ئاشەوان دەدەی و ئاشەوان وەردەگری؛ حوکمت بەقەرا ئی شای لەبرەودایە و ئاوا بەسەری بێ کڵاوەوە دەگەڕێی. جا ئەوەی کە دەڵێن کابان یا بێبەشە یا ڕووڕەش، درۆ نییە.

سەید میران بەقسەکەی پێکەنینی هات:

- بەڵام خاوەنکاری تۆ هەم بێبەشە و هەم ڕووڕەش. سەروکایەتیی تاقمی جارێ لەوەی بەدەر هیچی بۆ ئێمە تێدانییە. ئەگەر دەڕۆی زووتر وەڕێ کەوە تا شەوت بەسەردانەهاتووە با بگەیەی، بەڵکو کارێک بکەی. خۆ بەڕۆژووش نیی کە وەک من ئەژنۆت لەبرسان بلەرزن. دەی باوکم، لەخۆڕانییە کرێکارەکان نازناوی مەیتەری سرومییان داوەتە تۆ؛ بزانم شێری یا ڕێوی. مانگی ڕەمەزانە، دووباریش بێنی بۆ نانکردنی ڕۆژی یەکەممان بەسە. ئەو دە هەویرەش با بۆ قوشەن بمێنێ. جا هەر بەوپێیە وەڕێ دەکەوی؟ بە عەبدوولی دەڵێم سەری کەندووەکە داخا. چاوا! گوێت لێبێ!

کابرای کرێکار، کە وەڕێکەوتبوو، گەڕاوە و سەیدمیران لەسەری ڕۆیی:

<u>- ئەگەر دیتت ئاشەکە عەیبێکی پەیداکردووە و خەوتووە یا خەریکن چاکی کەنەوە –</u>

١- ئەو چیرۆکەیان لەسەر هێندێک مەلای گەورە گێڕاوەتەوە کە ستڵیان بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن دەبیرێ خستووە ولەجیاتی ئاوێ گەوهەریان بۆ وەدەرکەوتووە. مەلائەحمەدی ئەردەوێڵی بۆ جاری سێهەم کە سستڵەکەی لەجیاتی ئاو گەوهەری بۆ هەڵکێشا، دە بیرەکەی خستەوە و کوتی خوایە ئەحمەد ئاوی لەتۆ دەوێ.

- ئا هەر لەوێ دەمێنمەوە تا وەكاری خەنەوە. شەوێكیش لەسەرتەندوور بەسەربردن خراپ نییە.

- ئافەرین بۆتۆ و ئەوشێرەی[1] تۆی خوارد، بۆخۆت دەرسەكەت ڕەوانە! بەڵكو پێش شەبەقدان ئاردەكە بگەیەنی. دەی باوكم، لەئەمانی خوایدابی، تا تۆم هەیە خەمم نییە.

لەپشت سەری، لەپێش چەند مشتەرییان و خەلیفەی دووكان، بە سەروسەكوتی و ڕەفتارەكەی پێكەنی و كوتی:

- ئەوەش بۆخۆی دنیایەكی هەیە. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لە شێست ساڵان تێدەپەڕێ، پیاو لەگەڵ گەنجێكی سی ساڵان لێی تێكدەچێ. تائێستا كەس نەیدیوە ڕووت بێتەوە. هەموو پێیانوایە نێرەمووكە، بەڵام من پێموایە سەرەڕای ئەوەی پیریش بووە هیچی لەپیاوەتی كەم نییە. ها خەلیفە هەمزە، سەرەنجام تۆ نەت توانی بەو ڕازەی بزانی و پێمانی بڵێی؟ سەیرە، لەكرێكارانی ئەودووكانە بێجگە لە شاتر زەمان هەموو بێژنن.

هەمزە كە دەیەویست، بەپێی فەرمان، بۆخۆی نانی ماڵە یاوەری ببات، بەخاوەنكاری كوت:

لەوسەری ڕا كە گەڕامەوە ئەگەر دەفەرمووی سەرێك لەماڵە حەبیب بدەم؛ ئەوجۆرەی من بزانم تا ئێستا كەس هێشتا لێی نەپرسیوە. پاش سێ ڕۆژان لەبن كورسیی بێئاگر خەوتن و لەبرسان دەست بەزگی گرتن دەبێ ئەوەندەی ئاقڵ دەسەردا بێ بگەڕێتەوە سەر كارەكەی. نەورۆزە خەپلەش بێكارە، لەسەر سەكۆی قاوەخانە دانیشتووە مێشان دەخەسێنێ؛[2] هەر ئیشارەتێك بكەی بەسەرمەقولات لێرە ئامادەدەبێ. پێموانییە پیاوێكی خراپ بێ.

خاوەنكار كوتی:

- نەورۆزی هاووڵاتیی شاتری دەڵەی؟ كاك زەمانیش دوێنێ بۆخۆی پێی كوتم. پیاوێكی خراپ نییە، بەڵام بیستوومە ئالوودەی قومارە و ئارەقیش دەخواتەوە. لەوانەیە هەربۆیەش زۆرتر بەبیكاری بخولێتەوە. ئەو یەك دووڕۆژەش هەرچۆنێك بێ بۆخۆم لەسەتەرازوو دەبم، بەڵكو حەبیب بێتەوە. پێموانییە ئەو كەسێكیوابێ من بەكەسێكیدیكەبفرۆشێ. مەگەر بەدوای كارێكی بێجگە لە تەرازووداریدا بگەڕێ. ها پێم نەكوتی؟! ئەوە پەیدابۆوە. خاوەنكار و كرێكاران نەیانتوانی سەریان سووڕ نەمێنێ؛ قسەكە هێشتا لەزاری سەیدمیرانیدابوو كە قەڵافەتی درێژ و ئێشكوڕەقی تەرازوودار وەك سێبەرێكی خزۆك لەپەنا دیواری دووكان ودەركەوت. بە نێوچاوانی تێكناوەوە بەنابەدڵی سڵاوێكی كرد. سەید میران لەخۆشییان لەپشت تەرازوو وەلاچوو، چەند هەنگاوێك بەرەوپیری چوو و بەجۆرێك شادمانیی دەروونی و دڵ ئاسوودەییەوە كوتی:

- وەڵڵا كەس گومانی لە حەڵاڵزادەبوونت نەكردووە حەبیب؛ هەرئێستا باسی تۆمان دەكرد؛ بەتەمابووم هەمزەت بەدوادا بنێرم. ئیشاڵڵا لەوچەند ڕۆژ حەسانەوەتدا ماندوویەتیت بەتەواوی لەلەش دەركردبێ، ئێ، هەمزە تۆ وەدوای كارەكەت كەوە؛ ئێستا كە حەبیب هاتەوە سەركارەكەی ئەوشۆ دەتوانم یاوەر ببینم؛ كارم پێیەتی. كە چووی بزانە كەنگێ لەماڵێ دەبێ تا بەخزمەتی بگەم؛ یا نا كاری تۆ نییە، ئەوشۆ هەرچۆنێك بێ دەیبینم.

حەبیب لە نارەحەتییان كە ئاكامی پەشیمانیی دەروونی و شەرمەكەی بوو، لێواری كڵاوەكەی هەڵگەڕاندەوە؛ لەبن كۆتەكەی ڕا دەستی بەنێوقەدی گرت و بەبێ ئەوەی چاو لەچاوی خاوەنكارەكەی بكا بەشێوەی گازندە كوتی:

- هاتبووم كاكەزەمان ببینم، كارم پێیەتی.

سەیدمیران بەسەر شانیدا ئاوڕی وێدا:
- ئەگەر پووڵت لەسەرمە پێم كوتوون نەتدەنەوە. بەسە ئیدی، بەسە، زیاتر لەوەی داركاریمان مەكە حەوسەلەم نییە. لەوەتا دووكانت بەجێهێشتووە و ڕۆیوی كاروبارم بەتەواوی تێكەڵپێكەڵ بوون و وەدواكەوتوون. ئایا دەتەوێ داوای قەرەبووت لێ بكەمەوە؟ هیچ بنیامێكی ئاقڵ ئەوكارەی دەكا كە تۆ كردووتە؟ ئەگەر دەتەوێ بەیانییان كاتی گزینگی تاوێ بێیە دووكانێ و بۆ پێشتر لەوكاتە سەحاتێك لەسەر بەرپرسایەتیی خۆت خەلیفە یا كەسێكی دی لەسەر تەرازوو دانێی من قسەیەكم نییە؛ من دەخلم لەتۆ دەوێ؛ دەرگای دووكانێ داخە و بڕۆ بەڵام شەواوشەو دەخلەكەم بدەیە؛ دڵنیابە سەت ساڵیشی بەسەردا بروا گازندە ناكەم.

١- فارس بە شێر و شیر دەڵێن شیر، سەید میران لێرەدا وەك دابی فارسان بەگاڵتە لەجیاتی ئەوەی بڵێ ڕەحمەت لەوشیرەی خواردت، دەڵێ ڕەحمەت لەو شێرەی تۆی خوارد.
٢- نووسەر نووسیویەتی چاو لە بن هەنگڵی خۆی دەكا، من بەرابەرە كوردییەكەم نووسیوە.

بێدەنگیی دەبنەوەبڕ و مۆنی حەبیب هیچ چەشنە نیشانەیەکی سازانی نەدەنواند. سەرەڕای ئەوەش سەید میران کە بەتەواوی ئاشنای هەستەکانی تەرازووداری خۆی بوو بزەلەسەرلێو و بە بێوازی قۆڵی گرت و کێشایە پشت سەکۆ:

- وەرەوەرە، نەتۆ کەست لەمن باشتر وەگیر دەکەوێ، نە من لەتۆ. ئەوڕۆژانە گیروگرفتم لەپێشن کە ئەگەر بەتۆفیقی خوای لەسەرم لاچن تۆش بەناڕازی ناهێڵمەوە. نامەوێ بەبەڵێنی بێناوەرۆک فێڵت لێبکەم، بەڵێنت دەدەمێ. ئەگەر تۆ، حەبیب، بێوەفای و ڕاست لەو شوێنەی پێویستیم پێتە وەک تاژی دەتۆرێی ودەڕۆی بەجێم دێڵی، من بێوەفا نیم؛ بیرۆکەیەکم بۆت هەیە، چون دەکرێ بێڵم بەخۆڕایی لەچەنگانم ڕاکەی. کە تەوقەکەم خستە ملت و دەبەرپرسایەتیی ژیان گەیشتی کە چییە هێندێک خووی ئێستات وەلادەنێی. بەڵام ئەوەیشت پێ بڵێم، ئەوتەوقەی دەیخەمە ملت تۆقی ڕەحمەتێ دەبێ نەک ئی نەحلەتێ؛ دەی جا لێم ناقایل بە؛ دیسان تا دەڵێم بۆخۆت ئاردی وەرگرە و بەتەنیا بەئەم و ئەو قسەی بارکێشەکان باوەڕ مەکە، نێوچاوانت تێک نێ، کەری ئاشەوانی دووکات ژمێران لەبن باردا حاسی کە، تا ئەوانیش بەبێ لەقەپان دان ئاردەکە هەڵێژن و بڕۆن.

سەیدمیران سەرشانی خۆی تەکاند کە وەدیواری کەوتبوو و گێچاوی ببوو و کە دیتی حەبیب هیچی نەکوت، و بەخۆشی بێ یا ناخۆشی، یەکەم کڕیاری خۆی بەڕێکرد، پووڵەکانی داخلەی دەرێنان؛ ئەوەی شاڕەوا* بوو کردنیە دەسک و لەسەرەخۆ بژاردنی و دەگیرفانی نان؛ ئەوەی وردەپووڵ بوو دای بەتەرازوودار. سەرێکی دەنێو دووکانێ نا و گەڕاوە. سەرەڕای ئەوەی بابەتی وەدرەنگی کەوتنی ئاشەوان و بێئارد مانەوەی کەندوو تەبیاتی تێکدابوو، گەڕانەوەی حەبیب باری لەسەرشانی لابردبوو. ئیدی مانەوەی لەوێ هۆکارێکی نەبوو. پاش چەند کاتژمێری پەیتاپەیتا بەزمانی بەڕۆژوو لەشوێنێک ڕاوەستان، ئەوەندەی ماندووبوو هێندە برسی و تێونی نەبوو. ئیشتیای بکوژی مژە سێغارێک پەرێشانی دەکرد. کاتی بەجێ هێشتنی دووکانێ لەبن چاوان چاوێکی دۆستانەی لە تەرازووداکە کرد، نێوچاوانی زیاتر کرابۆوە. ئەو پیاوە چلوچەندساڵە کە لەبەر توندەتەبیاتی و هەستەوەری، تووکی سەری وەک پیرێکی شێست ساڵە بەتەواوی سپی ببوو، زیادە لە ئەندازە لەگەڵ کڕیکارەکان توندەتەبیات بوو. لەوکەسانەبوو کە لەباری تەبیاتی ڕواڵەتی و ڕەفتارەوە، تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا نەدەسازا. لاسار و کەللەویشک، و لەوەش خراپتر قین لەزگ و نەسازاو بوو. تووڕەیی نابەجیی، کە زۆرجاران لەسەر بابەتگەلی بچووک بەرۆکی پێدەگرت و دەبووە هۆی ناڕەحەتیی هەمووان، وەهابوو کە پەردەیەکی ئەستووری خستبووە سەر ئاکارە باشەکانی. لە دۆخی ئاساییدا مرۆڤێکی کەم دوێ و بێئازار بووکە پێی خۆش نەبوو خۆی دەکاری کەسەوە هەڵقورتێنێ. پیاوێکی ڕاستبێژ و لەوەش زیاتر ڕاستکردار بوو کە حیسابی دەخلی هەرگیز ئیرادی نەبوو. شەواوشەو، بەبێ چووکترین چاوەڕوانی، تا دوایین دیناری فرۆشی ڕۆژانەی دەدەستی خاوەنکارەکەی دەکرد، دوازدە قڕان مزی ڕۆژانەی خۆی لێ هەڵدەگرت و لەکاتێکدا کە پیلووی کەم برژانگی چاوەکانی بەقورسی لێک دەنان و دەیکردنەوە دەیکوت:

- نەم بژاردووە، بۆخۆت بی ژمێرە بزانە چەندە.

ئەوجار سەید میران شاڕەواکانی لە وردەپووڵەکان جیادەکردەوە و بەلەسەرەخۆییەکی تەواو دەیبژاردن. بابەتی د وای پەنجاتمەنی دووهەم لە دەتمەن کەمتر دەماوە کە چاوی بەدیتنی بریقەیان دەهات؛ بزەیەکی دەهاتێ کە نیشانەی ڕەزامەندیی قووڵی لە کاروبار و بارودۆخەکە بوو و بەبێ هیچ ڕووپامایی و ڕیاییەک بۆ سپاس لە تەرازووداره دروست کردارەکەی بۆوێنە دیکوت:

- دەگەڵ فرۆشی دوێنێت، حەبیب، تەنیا تمەنێکت نێوانە، ئەویش سروشتییە. خوایە من ناشکور نیم، من ناشوکر نیم، فریشتەی ڕەحمەت لەودووکانە وەدەرمەنێ!

بوونی تەرازووداڕێکی وا کە دەستی بەچەسپ نەبێ بۆنانەوا وەک کیمیایە، سەیدمیرانی سەرابی ئەوەی باش دەزانی. بێجگە لەوەش بڕوای وابوو، هەر وەک چۆن فریشتە پێ نانێتە ئەوماڵەی سەگی تێدابێ، خێروبەرەکەتیش پێ نانێتە ئەو کارو کاسبییەی دەستی دزی و حەللەقەمەللەقی تێدابێ. جا ئەگەر نازی حەبیبی دەکێشا یا بەشێوەگەلێکی شوێندانەر دڵخۆشیی دەداوە، بەفیڕۆنەدەچوو. بەڵام با بێینەسەر ئەو بابەتەی کە ئەگەر، بابڵێین، ژنە چارشێوسپییەکە ئامادە دەبوو لەگەڵ پیاوێکی ئاوا بژی و دەیتوانی دەگەڵ تەبیاتەکەی هەڵکا، ئایا حەبیب بەومزەکەمەی هەیبوو لەبنەڕەتدا توانای پێکهێنانی بنەماڵەو هەڵسووڕاندنی ژیانێکی شایانی وی یا هەرژنێکی دیکەی هەبوو؟ ئاخر ئەوپیاوە لەماڵی دنیا هیچی نەبوو. ئەگەر جێگایەکی هەبوو شەوانە تێیدا بیکاتە بەیانی هەر ماڵە خاڵی بوو. دەبوو زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە بیربکرێتەوە. بەڵام ئەوژنە، بەوجوانییە تاقانەو پەریئاسایەی، ئایا فریشتە یا شەیتان نەبوو کە بۆ بەلاڕێدابردنی بەندەکانی خوا جلکی مرۆڤی کردبووە بەر؟ بۆ سەید میران سەرەڕای پیاوبوونی و لەدەستدابوونی هەمووچەشنە کەرستەیەک، لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دژوار بوو. بەڵام مەبەستەکەی کە بۆچاکە بوو، کێشەیەکی تێدا بەدی نەدەکرا. هەرچۆنێک بووبێ دەبوو بیدۆزێتەوە و بۆ

*- شاڕەوا = اسکناس

چارەسەری ناڕەحەتی و نیگەرانییەکانی تێبکۆشێ. سەید میرانی سەرابی بەو فکرانەوە ڕێگای ماڵ و کونجی حەسانەوەی خۆی گرتبووەبەر. خۆر بەتەواوی ئاواببوو. کاتژمێرەکەی دەرێنا، دەخولەک بۆ بەربانگ مابوو. کە هۆشی هاتەوە سەرەخۆ پێی زانی نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارەی ئەوڕۆژەی بەتەواوی لەبیرکردووە لەبەرخۆیەوە کوتی:

- ئیرادێک لەسەر لەبیرچوون نییە، لەماڵێ دەیانگێرمەوە.